# ڕۆژنامەی خەبات (قرقیزستانی) لێ دەبێتە (کوردستان)

مانچستەر-بەریتانیا      بابەکی خورەمی
دەمێک بوو لە هەواڵ و وتارە ئینگلیزیە وەرگێردراوەکانی ڕۆژنامەی خەبات و کوردستانی نوێ (زمانحاڵی دوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان) بە گومان و دڕدۆنگ بوم. جار جارە بەراوردێکی سەرپێیانەی وتارەکانم دەکرد و بۆم دەرکەوت. جگە لە وانەی هاوڵاتی، هی دوانەکەی دیکە هەرگیز جێگەی بڕواو پشت پێ بەستن نین. چون بە هەوەستی خۆیان وتارەکان هەڵدەشێلن وبە شێوەیەک وەریدەگێڕن و سەرو گوێی دەبڕن کە لەگەڵ بەرژەوەندی وسیاسەتی حزبەکەی خۆیان بگونجێ و تا بکرێ زۆرترین ژمارەی خوێنەرەکانیان چەواشە بکەن. چەندین جار تێبینیم کردوە کە پەرەگرافێک یان دووان کە لە گەل خواست وبەرژەوەندی ئەوان نەگونجاوە بەتەواوی پەڕێنراوە. بێ ئاگا لەوەی کە ئەگەر خاوەن وتار بزانێتەوە مافی یاسایی هەیە کە سکاڵایان لەسەر تۆمار بکات.
ڕۆژنامەی خەبات لە ژمارە1917ی ڕۆژی 2005/09/15 دا هەواڵێکی بەناونیشانی (لەکۆبوونەوەی لوتکەی یوئێن دا سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاماژە بە ئەزموونی دیموکراتی کوردستان دەدات{ ڕاستیەکەی دەکات، چون ئاماژە لەگەل کردن بەکاردەهێنرەت دان}) و تیادا دەڵێت". . . جۆرج دەبیلوو بۆش سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. . بەبایەخەوە باسی لە ئازادی کرد و ئاماژەشی بە ئازادی کوردستان و چەند شوێنێکی تازە رزگاربووی ژێردەستی دیکتاتۆریەتدا کردو گوتی: ئەوەی یارمەتی مافی مرۆڤ دەدات دەبێ پشتیوانی لە ئازادی مرۆڤایەتیدا بکات، ئەمەش بۆ پرسی ئازادی دەرفەتێکی گەورەیەو ئێستا لە سەرانسەری جیهان هزرەکان بەرەو ئازادی دەکرێنەوە کە پێشتر وێنەی نەبووە. لە دوو ساڵی رابردوودا دەیان ملیۆن کەس لە ئەفغانستان و کوردستان و جۆرجیا و فالەستین دەنگیان بۆ ئازادی دا، لەسەرمان پێویستە هانی کاروباریان بدەین وبۆ ئەوەیبە ئازادی خۆیان بگەن و نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەو بوارەدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە. . . . . " من لە بەر ئەوەی ڕۆژی پێشووتر وتارەکەی بۆشم بینیبوو هەرگیز نە ناوی کوردستان و نە عیبارەتێکی دیکەش کە ناراستەوخۆ ئەم مانایە بگەیەنێ بەرگوێ نەکەوت بەزەییم بە پیر بوون و گوێ گران بوونی خۆم دا هاتەوە، کە ناتوانن چیدیکە لەگەل وتارو ئەدرەسی گەورەپیاوان ڕێبکەن. بەڵام کە بە سایتی کۆشکی سپی دا چومەوە و لە جیاتی گوێگرتن ئەمجارە وتارەکەم بە وردی خوێندەوە و بۆم دەرکەوت کە برایانی خەبات لە پەلەپەلیان نەوەکا بۆش لەقسەکەی خۆی پەژیوان بێتەوە وە یاخود لە بێ تاقەتی و بێ سەلیقەیان لە دووبارە چێککردنەوەی دروستی هەوالەکە، قرقیزستان یان لێ بۆتە کوردستان

ئەمەی خوارەوەش دەقە ئینگلیزیو لینکەکەیە کە دەتوانن بگەرەنەوە سەری و بەراورد نەک هەر بەو هەڵەیە بکەن، بەلکو نائەمینی برادەرانی وەرگێریش ببینن.

This is a moment of great opportunity in the cause of freedom. Across the world، hearts and minds are opening to the message of human liberty as never before. In the last two years alone، tens of millions have voted in free elections in Afghanistan and Iraq، in Lebanon and the Palestinian territories، in Kyrgyzstan، in Ukraine، and Georgia. And as they claim their freedom، they are inspiring millions more across the broader Middle East. We must encourage their aspirations. We must nurture freedom's progress. And the United Nations has a vital role to play .

http://www. whitehouse. gov/news/releases/2005/09/20050914. html